# چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

نووسەر: عبدولرەحمان عالم
وەرگێڕ: ئەمیری حاجی موحەمەد

بەشی: هەشتەم

## پاشماوەی دەستەبەندی کەلتوری سیاسی

### B ـ گرنگی کەلتوری سیاسی

١ـ گرنگی کـەلتوری سیاسی لـەو خاڵەدایـە کـە لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی گەشەی سیاسیدا پەیوەندی بە تینی هەیـە. ڕژێمـی سیاسی دیاری کریاگ لەناو ڕژێمە سیاسیەکانیتردا نە تـەنیا لەسـەر پایەی پێکهاتـەکان، بـەڵکو بە هـۆی کـەلتورە سیاسـیەکانیەوە، جیـاوازی پەیـدا دەکـات. زانایـانی گەشەی سیاسی بۆیان دەرکەوتووە کە نـاتوانرێ دیاردەی گەشـەی سیاسی لەوڵاتێکـــدا رون بکەنـــەوە بـــەبێ لێکۆڵینـەوەو وردبوونـەوە لەکـەلتوری سیاسی ئەو وڵاتە.

٢ـ کەلتوری سیاسی پێکهاتـەکانو مانـای مەیدانی سیاسی بـە هـەمان ڕەوش ئاشـکرا دەکـات کـە کـەلتور بەشـــێوەی گشـــتی هاوپشـــتیو یەکپارچـەیی ژیـانی کۆمەڵایـەتی رون دەکاتەوە.

٣ـــ کـــەلتوری سیاســـی بـــۆ توێژینـــەوەی ڕەفتـــاری تـــاك لـــەنێو ڕژێمێکـی دیاریکراودا کـە تێیدا دەژی ئامرازێکی واتایی بەهادارە.

٤ـــ چـەمکی کـەلتوری سیاسـی لەپەرەسـەندنو گەشـەکردنی بـیردۆزی سیاسـی تـازە، بەشـی سـەرەکی بـەم شـێوەی خـوارەوە هەیـە: کـەلتوری سیاسی سەرەنجام بەرەو خوێندنـەوەی کۆمـەڵ یـان کۆمەڵگـەی سیاسـی وەك یەکەیـەکی پایـەداری گشـتی جیـا لەتاکـەکان رادەکێشـێ، کـەلتوری سیاسی، یارمـەتی زانسـتی سیاسـەت لـەپێکهێنانی ڕێبـازی بچـوكو کـەڵێن دەدات،و سیاسـەت ناسـانیش بـۆ توێژینـەوەی هۆکـارە کۆمەڵایـەتیو کەلتوریەکان، کە بە کـەلتوری سیاسـی کۆمەڵگـە قـاڵبێکی گـەورەتر دەدات، هانـدەدات. تاکـەکان ناچـار دەکـات لەگــــەڵ هۆکــــارە شــــاراوەو غەیرەعەقڵانیەکانی ڕەفتاردا پێك بێن. لــەم ڕێگایــەوە چــەمکی خەســڵەتی نەتەوایـەتی سـەربەخۆ بـوو، بـەڵام تـا رادەیـەك بـو بـە پـەیڕەوی چـەمکی توێژینــــەوەی ئــــەزموونی. ڕێبــــازی کـەلتوری سیاسـی یارمـەتی داوە تـا بزانـــــرێ چـــــۆن کۆمەڵگـــــە سیاســـــییەجۆراوجۆرەکان لـــــەبوارە جیاوازەکـانی پەرەسـەندنی سیاسیدا پایـان هـەڵگرتووە یـان چـۆن توشـی هەنـدێ بەربەسـت، یـانی بەربەسـتی کۆمەڵایەتی، ئابوریو سیاسی بوون کە دەبێتـە هـۆی روخـانی سیاسـی تـەواو. بەهــــەرحاڵ، ئەمڕۆکــــە بەتــــەواوی ئاشـکرابووە کـە کـەلتوری سیاسـی لەشێوەی دروست بـوونی پەرەسـەندنی سیاسـی وڵات ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە. دەبـێ بگـوترێ کـە هەنـدێ لـەوڵاتان ڕێبازی کەلتوری سیاسـی بـە ڕێبـازێکی پارێزگارانـەو کۆنەپەرسـت دەزانـنو مەعلومیشـــیان کـــردووە. کـــەلتوری سیاسی ناتوانرێ بە پێوەرێك دابنرێ بۆ هەڵســـەنگاندنی ڕەفتـــاری تـــاك. شـیکردنەوەی وردی کـەلتوری سیاسـی پیشان دەدات کە بۆ پێشبینی کردنی ڕەفتــاری تــاك هێشــتا نەبۆتــە ڕێپێشاندەرێکی دڵنیاکەرەوە. کرداری تاکێك لەوانەیە کاریگەریـەکی گـەورەی لەسـەر ڕژێمـی سیاسـی هـەبێت، پـێ ناچـێت کـە شـیکردنەوەی کـەلتوری سیاسـی ئەمـەریکا بیتوانیایە ڕەفتاری (هاروی ئوسوالد) ی پێشبینی بکردبایە کە (جۆن کەنەدی) کوشت.

لەمـەش بـەولاوە، ئـەم زاراوەی لایـەنگرانی ڕێبـازی کـەلتوری سیاسـی رونو ورد نییەو جا لەبەر ئەمە دەبێتـە هۆی سەرلێشێوانی پەیجۆرانی زانسـتی سیاسەت. لەچەمکی کەلتوری سیاسیدا کۆششـی هەیـە بـۆ پەیـدا کردنـی نموونەیەك کە پیشاندەری شتێك بێـت کـە لـەرابوردوودا وەك هەڵوێسـتەکان نسـبـەت بـە سیاسـەت، بەهاسیاسـییەکان، ئایدۆلۆژیـەکان، کـەلتوری نەتەوایـەتیو نـەریتی فەرهەنگیەکان باس کرابێت. هیچ کـام لەم زاراوانە ئەوەندە پەرەسـەندو نییـە کــە ببێتــە پایــەو بنەمایــەك بــۆ دەســتەبەندی ڕژێمـی سیاسـی بـە شـێوازمەندانە پێوانـەی بکـەن. بـەڵام دەتـوانرێ قبـوڵ بکرێـت کـە چـەمکی کـەلتوری سیاسـی لەپەرەسـەندنی زانسـتی سیاسـەتدا بەشـی گـەورەو بەکەلکی هەبووە.

٧ ـ کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی

کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسـی ڕێبـازێکی فێرکاریـە کـە یارمـەتی بـە گواسـتنەوەی ڕێورەوشـتو ڕەفتـارە پەسـەندکراوەکانی ڕژێمـی سیاسـی جێگیربوو، لەپشتێکەوە بۆ پشتێکیتر دەدات. جـا لەسـەر ئەمـە ئامـانجی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی تەربیەت یان پەروەردەی تاکەکانە بە شێوەیەك کـە ئەنـدامی کارامـەی کۆمەڵگـەی سیاسی بن. بە باوەڕی (ڕۆبرت سیگڵ) ( Robert Sigel) کۆمەڵگە قبـوڵ کردنی سیاسی ((فێربوونی هێدی هێدی ڕێورەوشـــتەکان، هەڵوێســـتەکانو ڕەفتـاری پەسـەندکراوی یـەك ڕژێمـی سیاسیـیە کە لەبارودۆخی گۆڕاندایە)).

ئەلمۆندو پـاول دەڵێن: (کۆمەڵگـە قبوڵ کردنی سیاسی ڕەوتی پاراستن یان گۆڕانکاری کەلتورە سیاسییەکانە. بە پێی ئەم ڕەوتە تاکەکان دەچنە نێو سیاسییەوە هەڵوێستەکانیان سەبارەت بـە ئامانجـە سیاسـییەکان شـێوە دەگرن).

لەوەسـف کردنـی (نـۆلی) بـۆ کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی هاتووە: کۆمەڵگە قبوڵ کردن بە شێوەی گشتی بـە مانـای ڕێبازێکـە کـە بەهۆیـەوە ئەنـدامانی یـەك کۆمەڵگـە بـەها جۆراوجۆرە فیزیاییەکان، کەلتوریەکان، تەکنەلۆژیاو جوان ناسی کۆمەڵگە لە ماوەیـەکی درێژخایەنـدا، لەزۆربـەی لایەنـەکانی ژیـان وردەوردە فێردەبـیو ڕادێ. بۆیە لەدیدی سیاسی، کۆمەڵگە قبـوڵ کردنـی سیاسـی وەك زارەکـی فێرکردنی زانیارییەکان، هەڵوێستەکان سەبارەت بەم زانیاریانە، و نمونە دیاری کراوەکـانی ڕەفتـاری خـەڵکی کۆمەڵگەیەکە، کە دەوڵەت و چالاکییە جۆراوجۆرەکـانی ئـەو دەوڵەتـەش کاریگەری خۆی هەیە. ئەم فێرکردنە لەوانەیە فـەرمی یان نـا فـەرمی بێـت، ئاشکرا یان شاراوە، بەدڵ یان بـەبێ بەرنامە دانـان بـێ. ئـەو هـەروەها گوتویەتی: بەشێوەی رونتر، کۆمەڵگە قبـوڵ کردنـی سیاسـی بەتێکەڵەیـەك لەمیکانیزمەکان، ڕێبازەکانو دامەزراوە جۆراوجۆرەکـــان دەزانرێـــت کـــە بەهۆیانـــەوە ئەنـــدامانی کۆمەڵگـــە بەرەبەرە لەپەیوەندیەکانی دەسـەڵاتی چینی فەرمانڕەوا لـەنێو کۆمەڵگەکـەیان ئاگـــاهیو زانیـــار پەیدادەکـــەنو نموونەگـەلێك پەسـەند دەکـەن. وەك هـەموو شـێوازەکانی کۆمەڵگـە قبـوڵ کردن، هەروەها کۆمەڵگە قبـوڵ کردنـی سیاسی ڕەوتێکە پەیوەست بە هـەموو لایەنەکانی ژیانەوە لەگەڵ لەدایك بوون دەست پێدەکاو لەگەڵ مردنیش کۆتایی پێدێت.

ڕەوتـی کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاســی ئــارامو ڕێکوپێــك شــێوە وەردەگرێو تەنانـەت خـەڵك لێـوە بـە ئاگانین. خەڵك ئـەو ڕێورەوشتانەی کە فێرکراون، لەدەروونیاندا دەچەسپێت. لەڕاستیدا کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسـی هـەموو شـێوازەکانی فێرکـاری سیاسی، فەرمی یان نا فـەرمی، دڵخواز یـان بـەبێ بەرنامـەبێت دەگرێتـەوەو ڕێبازێکە کە لێیەوە خـەڵك نـە لـەڕێگای بەشدایکردنی سیاسیەوە بەڵکو لـەپێش ئەوەی دەست بە چالاکیەکی سیاسی ئاشـکرابکات، بـەها سیاسـیەکان بەدەست دێنێ کۆمەڵگە قبوڵ کردنـی سیاسی فێرکاریەکە کە بەهۆیەوە تاك لەلایەکـەوە هەڵوێسـتو سـەمتگیرەکان سەبارەت دیاردەی سیاسی بەدەست دێنـێو لەلایـەکی تـرەوە کۆمەڵگـە دابونەریتو باوەڕەکان لەپشتێکەوە بۆ پشتێکیتر دەگوازێتەوە.

(ئیستۆن) کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسـی بـە ڕەوتێکـی گەشـەکردنی دەزانـێ کـە بـە هۆیـەوە تاکـەکان سـەمتگیری سیاسـیو نموونـەی هەڵسوکەوت بەدەست دێنن. کۆمەڵگە قبـوڵ کردنـی سیاسـی گـرنگترین پەیوەندیە لەنێوان ڕژێمی کۆمەڵایەتیو ڕژێمی سیاسیدا.

بـەکورتی، کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسی ڕێبازێکی پەروەردەو فێرکاریە بۆ پەیجوری بەهاکان، و سەمتگیریەکان کە لەمێشکی تاکەکاندا بچەسپێت بە شـێوەیەکە بـەڕژێمی سیاسـی خۆیـان پشت ببەست. کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسی سەرەرای جەخت کردن لەسـەر هـەوڵو کۆششـی هـەموان دەربـارەی کـۆنترۆڵکردنی سیسـتەمی فێرکـاری، کاریگەرگـەلێکی گرنگـی تایبـەتی لەکۆمەڵگەدا هەیە کە بریتین لە:

١ـ لەبۆچوونی یـەك حکومەتـەوە، دەتـوانرێ کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسـی کاریگـەر وەك جێنشـینێ بـۆ زۆرەملـێو ناچـارکردن تـا خـەڵك پەیوەندیـەکانی دەسـەڵاتی چـینی فـەرمانڕەوا پارێزراوبێـت بـە کـار بهێنرێت.

٢ـ کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی کاریگـەر دەتـوانرێ وەك ئـامێری سـازدانی خـەڵك بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجە تایبەتیەکانی چینی فەرمانڕەوا بـە کاربێـت لەکاتێکـدا گـەر وانـەبێ دەستەبەرکردنی ئـەو ئامانجانـە لەگـەڵ دژواریدا ڕووبەروو دەبنەوە.

٣ـ تایبـەتکاری کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسـی ئەمـە کـە سـەرەڕای بـاوەڕ بـە پاراسـتنی پەیوەندیـە چینایەتییە تایبەتیەکان، خۆی لەخۆیدا بەرهەم هێنانەوەی ئەم پەیوەندیانەیەو لەسـەر جێگیربـوونو تۆکمەبوونیشـی تـەڵاش دەکـات. هەرچـەندە ڕەوتـی کۆمەڵگـە قبـوڵ کـردن لەهـەموو چـاخەکاندا هـەبووە، بـەڵام چـەند قەیرانێکی گەورە ئەو ڕەوتەی خێراتـر کردووە. بۆ نموونە وڵاتێك کە لەگەڵ شـەڕیـان هەڵاوسـان یـان نائـارامی سیاسـیدا ڕووبـەرووە، لەوانەیـە لەهەڵوێستەکانی خەڵکەکەی گۆڕانکاری بنەڕەتی پەیدابێت. هـەروەها خێرایی زۆری ڕەوتـی کۆمەڵگـە قبـوڵ کردنـی سیاسـی هـەموو شـتێك لەبـەین دەدات بـەڵام ڕەوتـی ئارامیشـی، کـەلتوری سیاسـی بـەرەو پێشـەوە بـە نـەرمی پەلکێش دەکات تاکو دەبێتە کەلتوری سیاسی وڵاتو بە باشی قبوڵ دەکرێت.

### هۆکارە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی

خێـــزان، خویندنگـــە، گروپـەهاوتاکان، ئەزموونـەکان لـەکاتی بڕینـی خـولی کـاردا، میـدیاکانو پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ڕژێمـی سیاسـیدا هۆکـارە سـەرەکیەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسین.

١ـ خێزان.

خێـزان، کاریگەرگـەلێکی ئاشـکراو شـاراوە لەسـەر مێشـکی منـداڵ بـەجێ دەهێڵـێ. کاریگەریـە شـاراوەکان کاردەکەنە سەر هـەموو هەڵوێستەکانی کـە سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی ڕەوا هەیـەتیو کاریگەریـە ئاشـکراکانیش دەبنـە هـۆی گـۆڕانی هـزرو بـیرە سیاسییەکانی. هەڵوێستی گوێڕایـەڵییو فـەرمان بـردنو هاوکـاری کـردن، هەڵوێسـتی نـاڕەزاییو خـەبات کـردن دەکەوێتـە ژێـر کارلێکـەری خێزانـەوە. گێرەوکێشەو دووبەرەکیـەکانو گفتوگۆ توونـدو تیژیـەکانی ئەنـدامانی خێـزان دەربـارەی سیاسـەتە هەنوکەییـەکان، هەڵوێستی تایبەتی منداڵ سەبارەت بە ڕژێمی سیاسـی شـێواز دەبەخشـێ. بـە قسـەی: (ڕۆبـرت لـین) ( Robert Lane)، خێزان لەسێ ڕێگاوە بنـەمای بـاوەڕە سیاسـییەکان پایـەگوزاری دەکـات: ١ـ فێرکردنـی لەرادەبـەدەرو شـاراوە. ٢ـ پـەروەردەی منـداڵ لەزەمینەیەکی کۆمەلایەتی تایبەتدا. ٣ ـ شێوازدان بە کەسایەتی منداڵ.

(دەڤیس) (Davies) یـش لـەو باوەڕدایە کە خێزان ئەسڵترین ئامڕازی گواسـتنەوەو گۆڕانگـاری ئۆرگـانیزمی نـازکی زەینـی منداڵـە بـۆ زەینێـك کـە شانازی بە کەسایەتی خۆیـەوە بکـات. (بۆتـەر سـتاتیس) ( Bultr - States) دەڵێن: ( خێـزان یەکـەمین پەنجـەرەی منداڵـە بـەرەو جیهـانی دەرەوەی خێـزانو یەکـەمین پەیوەندیەتی لەگەڵ دەسـەڵاتی ڕەوادا، لەخێزانـدا، یەکـەمین جیـاوازی لـەنێوان ڕەگەزەکانـدا ڕۆڵـی هـەر ڕەگـەزێك لەڕێگای فێرکردنەوە دیاری دەکرێو بە دواداچوونەوەی لێ دەکـرێ، پەیوەنـدی توونـدوتۆڵی ڕەفتـاری سیاسـی بـاوكو دایـكو منداڵـەکانیان پیشـان دەدات). هەڵبـەت نـابێ خێـزان بەتـەنیا هۆکـاری سەرەکی کۆمەڵگە قبوڵ کـردن بزانـرێ. بـە گوتـەی (هایمـەن) (Hyman) : (هەڵوێسـتە سیاسـییەکان بـە پێـی دژایـەتی کـردن لەگـەڵ هەڵوێسـتەکانی بـاوكو دایـك هەرچـۆن بێـت لەوانەیـە جیاوازی هەبێت، دروست نابێت، بـەڵکو دایـكو بـاوك تـەنیا یـەك هۆکـارنو هەمیشە هیچ نـەبێ بـە ئەنـدازەی بـەها سیاسییەکان بەو جۆرە بێتە بەرچاو کە پێویسـتی بەڕێزلێنانـە، ئەگـەر نـە بەئەنـدازەی وەفاداریـە حزبیـەکان کاریگـەر نـین. لـەژمارەی داهـاتو بـاس لەخوێندنگا، گروپـە هاوتاکـان، شـوێنی کار، میدیاکانو حکومـەتو کارگوزاریـە حزبیەکان دەکرێت.

ماویەتی

# بۆن فرۆش..



شاڵاو هەولێری
Shallaw1@hotmail.com

گوڵم لەگەڵ شنەبایەك
لەنیوە شەو
تاڵێك قژت گەیشتە لام
پڕبوو لەبۆن
منیش کردم بەجۆڵانە بۆ دڵی خۆم
بۆ سەر خەوێ
بەیادی تۆ...
کە بێ داربووم بەناچاری
نـەك تـەنها خـۆم بـەڵکو هـەموو
ژوورەکەشم
بۆنی عەتری لێ دەباری
لەوساوە من
نازانم شەو تاکو دنیا خامۆش دەبێ
شیعر بۆ چاوت بنووسم
چونکە ئیتر سەرم سوڕماوە لەخۆشم
یان دانیشم تا بەیانی
شووشە شووشە
بۆنی زوڵفی تۆ بفرۆشم..

# ئادگار

ڕۆژگار موحسین

تۆ
ئەی جوانتر لەخەونە ئەبەدیەکانم
بەو نیگا پڕ سحراویەت
مەلۆتکەی ئەو داستانە ساویلکەیەم
مەدە بەدەم گڤەی "با"دا خەونەکانم
ئاوێزانی خەم مەکە
بۆ چەند ساتێك.. ڕێگەم بدە
پرچەکانت بهۆنمەوەو
بیکەمە سایەی ئەو تیشکەی
دەیـــەوێت ســـینەم بـــەر لەئیشـــقت
بسووتێنێ
من دونیام لێ بووە بە ئادگاری تۆ
چاوەکانت ئەستێرەی شەوانمەو
باڵاشت دار سنەوبەرێ
تۆ ئەی نەورەسی کەنار ئەو دەریایەی
کە دەنگی شەپۆلەکانی لە ماچ دەچن



با هێڵی بێدەنگی ببەزێنین
دونیایەك لەخەندەو
ئاوازێك لەئیشقو
سەمایەك لەروانینو
گەمەیەك لەژوان دا
بکەینە سروشتێکی
پڕ لەنهێنی
خۆزگە بۆ جارێك
بەر لەکوژانەوەی مۆمی تەمەنم
هەناسەیەکم لەتۆ پێدەگەیشت
تا پاساری حەزم لەسەرچڵی
شۆڕە بییەکا هەڵدەکوڕماو
ئیتر بۆخۆی ئۆقرەی دەگرت.